## کۆبوونەوەی کومیتەی نۆروێژی سازمان لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان

ڕۆژی هەینی ٦ی ڕەزبەری ١٣٨٦ هەیئەتێکی کومیتەی نۆروێژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان کاك فایق نادری، کاك محمود یوسفی، کاك لطیف نادری سەردانی سەرکردایەتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەڕێز کاك عبدالرحمن حاجی ئەحمەدی و ژمارەیێك لە بەرپرسانی (پژاك) پێشوازیان لێ کرا. لە کۆبوونەوەیێکی دۆستانە لەسەر مەسەلە گرینگەکانی جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هێرشە نارەواکانی ڕژیمی ئاخوندی دژ بە هاونیشتمانانی کورد لە کوردستانی عێراق و پێوەندی نێوان سازمانی خەبات و پژاك، وتووێژکرا. هەردوولا لە سەر بەردەوام بوونی کۆبوونەوەکان و پێوەندی توندوتۆڵ و دۆستانە پێیان داگرتەوە و بڕیار درا هاوکاری زیاتر لە نێوان سازمانی خەبات و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان لە خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد و هەروەها بۆ بەربەرەکانی ڕژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی درێژەی هەبێ.

## ڕژیمی ئاخوندی لە ڕیزی ڕژیمە سەرکوتگەرەکاندایە

جۆرج بووش، سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە ووتارەکەیدا لە ٦٢ مین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەکان،ڕژیمی ئێرانی لەڕیزی ڕژیمەکانی سوریە، کۆرەی با کوور، زیمباوە، کوباو سودان ناوهێنان کە وەڵاتەکەیان لەسەر سەرکوت وچەوسانەوە خەڵك بەڕێوەدەبەن. ناوبراو دوپاتی کردەوە کە ئەورژیمانە مافە سەرەتاییەکانیان بۆخەڵکی خۆیان لە بەرچاو ناگرن، سەرۆك کۆماری ئەمریکا ئیشارەی بە ٥ ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگر تووەکان کرد کە ڕێ کەوتون لەسەر زیادکردنی وەڵاتی ژاپون بەئەندام بوونی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان.

جۆرج بووش لە بەشێك لە قسەکانی خۆی دا، لە کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئابڵوقەی دژبەحکومەتی میانمار ڕاگەیاند و داوای لە سەرۆکەکانی جیهان کرد تا پشتیوانی لە نارەزایەتی لایەنگرانی دیموکراسی لەو وەڵاتە بکەن. جۆرج بووش دوای کردنەوەی کۆبوونەوەکە لەلایەن بانکی مون سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان قسەی کرد و ڕایگەیاند کە ئەمریکا ئابلوقە دژبە ڕێبەرانی میانمار زیاد دەکاو ویزا بە کەسانێك کەلەپێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە میانمار دادەستیان هەیە نادا. سەرۆك کۆماری ئەمریکا داوای لەخەڵکی جیهان کرد تا پشتیوانی لەخەڵکی وەڵاتی میانمار بکەن تابە ئازادی بگەن. سەرۆکی کۆماری ئەمریکا لەبەشێکی دیکە لە قسەکانی دا داوای کرد کە بۆ پێش گرتن لە نەخۆشی ئیدز ومالاریا هەوڵ بدرێ.

## بانکی جهانی، ئێرانی بە ٢٢٠هەزار دولار جەریمە کرد

بەهۆی درەنگ کەوتنی لە دامەزراندنی دەستگای پێوانەکردنی پیسی ژینگە لە ئیسفەهان بانکی جیهانی ئێرانی ٢٢٠ هەزار دولار جەریمە کردوە. دەستگای پێوانە کردنی پیس بوونی ژینگە بە کۆمەکی بانکی جیهان دروست دەکرێن. بەپێی ڕاپۆرتەکانی بانکی جیهانی لە ساڵی ١٣٨٢ بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلاریان بۆ باش کردنی ژینگە داوەتە ڕژیمی ئێران تا لە حەوت شاری گەورە دەستگای پێوانە کردنی ژینگەی پێ بکرێ و دوایی دامەزرێندرێ. بەڵام ئەحمەد ڕەزا لاهیجان زادە بەر پرسی گشتی ژینگەی ئیسفەهان بە هەواڵدەری دەوڵەتی (ئیرنای،) گوتووە ئەو ماوەیە کەدەبوو دەستگاکانی پێوانەی ژینگە دابمەزرێندرێ و تا ئێستا بە هۆی دواکەوتنی ٢٢٠ هەزار دۆلار بە کۆی ئەو وامەی وەرگیراوە وەك جەریمە بەو وامە زیادکراوە. بە ووتەی لاهیجان زادە، ئیدارەی پەروەردەو بارهێنان شارداری و دانشگای ئیسفەهان بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو گەڵاڵە دەبوو شوێن بۆ جێگیر کردنی ئیستگای پێوانەی پیس بوون دیاری بکەین. کە ئەوان هاوکاریان نەکردووین، بۆیە ئێران جەریمە کراوە. شاری ئیسفەهان وەك باقی شارەکانی دیکەی ئێران و شاری تاران کێشەی پیس بوونی ژینگەی هەیەو قەرار بوو بانکی جیهانی یازدە ئیستگا لە ئیسفەهان دابمەزرێنێ.

## ئاشکرا کردنی ناوەندێکی نهێنی ئەتۆمی ڕژیمی ئاخوندی ئێران

ڕۆژی پێنج شەممە ٥ی ڕەزبەر بەڕێز مێهدی ئەبریشەمچی بەرپرسی کومسیونی شورای میللی موقاومەتی ئێران، وێنەی سایتێکی نهێنی ئەتۆمی ڕژیمی ئاخوندی کە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە لە ژێر "کێوەڕەش"، لە ریزە کێوەکانی کەرکەس، لە پێنج کیلومیتری خوارووی سایتی نەتەنز دروست کراوە، ئاشکرا کرد.

ناوبراو گووتی: شیرکەتی خاتەم الانبیا کە سەر بە سپای پاسدارانە، ئەو سایتە نهێنیە ئەتۆمیەیەی لە رووبەرێکی بەربڵاو لەگەڵ دوو تونێلی ژێر زەمینی دروست کردوە.

لە ئاشکرا کردنەکەی سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران داهاتووە، ڕژیم بۆ دوور ڕاگرتنی سەرنجەکان، بڵاوی کردۆتەوە لەو ناوچەدا ناوەندێکی دژی فرۆکە و عەنباری تەقمەنی دامەزراندوە.

بە پێی ئاشکرا کردنەکەی موجاهیدین دوو شیرکەت بە ناوەکانی "عمران و حرا" کە سەر بە شیرکەتەکانی خاتم الانبیا ن، لە پرۆژەی دروست کردنی سایتی ئەتۆمی دەستیان هەیە. شیرکەتی "عومران" لەلایەن پاسداری سەرتیپ طباطبایی ئیدارە دەکرێ کە جێگرەکەی پاسدارێکە بە ناوی دانشجوو.

لەو کونفرانسە هەوالدەریەدا ئاشکرا کراوە کە شیرکەتی "حرا" دەستی لە ژمارەیێك پرۆژەی مووشەکی و ئەتۆمی دا هەیە، ئەو شیرکەتە چەندین تونێلی نهێنی دروست کردوە، لەوانە تونێلی هورموز لە سەرووی تاران.

# هەواڵەکانی کوردستان

## تووشبوان بە نەخۆشی وەبا لە ئوستانی کوردستان گەیشتە ٤٣ کەس

بەپێی هەواڵی ڕادیۆ نەوا، فەرمانگەی تەندروستی ئوستانی کوردستان رایگەیاند کە ٤٣ کەس لەم ئوستانەدا تووشی نەخۆشی وەبا بوون. بەپێی سەرچاوەی هەواڵ موحسێن زەهرایی، بەڕێوەبەری ئیدارەی تەندروستی ئوستانی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەری ئیسنادا وتی زۆربەی تووشبووەکان بەهۆی هاتوچۆکردنی پارێزگای سلێمانییەوە تووشی وەبا بوون. ناوبراو هەروەها وتی: ئەگەری ئەوە هەیە لە دوومانگی داهاتوودا ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشی وەبا بەرز بێتەوە بۆیە پێویستە دانیشتووانی ئوستانی کوردستان ڕێوشوێنی خۆپاراستن بگرنە بەر.

***

## حوکمی زیندانی و قەمچی بۆ پێنج هەڵسوڕاوی کرێکاری کورد لە سەقز

دادگای رژیمی ئاخوندی لە شاری سەقز. پێنج هەڵسوڕاوی کرێکاری کوردی بە ٩١یەك رۆژ زیندانی و ٤٠زەربەی قامچی، یان سێ ساڵ حوکمی تەعلیقی مەحکوم کرد. پێنج هەڵسوراوی کرێکاری بریتین لە عەتا حسێنی، رەحیم حسینی، کاوە حکیمی، خالید بێخاڵی و ئەنوەر حسێن زادە، لە سەرەتای ئەم ساڵدا لە نارەزایەتی بەدەست بەسەرکرانی محمودساڵحی دامەزرێنەری ئەنجومەنی سنفی کرێکارانی نانەواخانەکانی سەقز مانیان گرتبوو لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم گیران. بەپێی حوکمی دەرچوو بەژمارەی ١٨٥ دادسەرای سەقز، ئەوان بەتاوانی کۆبونەوەی غەیرەقانونی بە تاوانبار ناسی و بەپێی مادەی ٦١٨ قانونی رژیم هەموویان بەسێ مانگ و یەك رۆژ زیندانی تەعزیری و ٤٠ زەربە شەلاق یاسێ ساڵ تەعلیق مەحکوم کراون. هەروەها دادگا بە بەڵگە لەسەر مادەی ٢٩ قانوونی تاوان لێ ئەستاندنی بە ناو ئیسلامی ڕایگەیاندوە ئەو پێنج نەفەرە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا نابێ تێکەڵی وسەردانی کەسانی پێشونەدار بکەن. هەروەها نابێ کاریان بەجێ بهێڵن وخۆیان لە بەرچاو وون کەن، ڕێ و شوێنە دروستەکانی تێکەڵی کردن لە بەرچاو بگرن.

***

## ٥ کەس لە گیراوەکانی شاری بانە دوای شکە نجەیێکی زۆر ئازاد کران

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، چەند رۆژ لەوە پێش جمال پیرانی، فوئاد و کامران پیرانی، ناجی رەسوڵ زادە و حوسێن رەسوڵ زادە کە لە دوای شەروپێکدادانەکانی خەڵکی بانە لەمەڕ نارەزایەتی دەربڕین بە کوژرانی دوو کەس لە نزیك دێی سەبەتڵو و سووتاندنی ماشێنەکەیان لە لایەن هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژیمی ئاخوندی، زیندانی کرابوون، لەدوای شکەنجەیێکی زۆر هەر کامەیان بە زەمانەتی ٣٠ ملوێن تمەن ئازاد کران. بە پێی هەواڵەکان تا ئێستاش ژمارەیێك لەو کەسانەی لەو نارەزایەتیانە بەشداریان کردبوو لە زیندانەکانی رژیمدان.

***

## کوژانی کەسێك بە دەستی هێزەکانی ڕژیم لە مەریوان

ماوەییك لەوە پێش هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژیمی ئاخوندی لە شاری مەریوان کەسێکیان بە ناوی محەمەد بەسامی دایە بەر دەست ڕێژی چەکەکانیان و شەهیدیان کردوە. بەدوای ئەو کردەوە دڕندانەدا، ژمارەیێکی بەرچاو لە خەڵکی مەریوان چوونە بەردەمی فەرمانداری شاری مەریوان و ڕەخنەیان لە کردەوەی هێزەکانی ڕژیم گرتوە و هەروەها داوای تەرمی کوژراویان کردۆتەوە.

ماوەیێکە هێزە بە کرێگیراوەکانی ڕژیم بە بێ هیچ بەڵگەیێك هاونیشتمانان دەدەنە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان و دەیان کوژن. کوژرانی محمد بەسامی یەکێکە لەو دەیان کردەوە دڕندانەی دەسەڵاتداران و هێزە بە کرێگیراوەکانیان لە کوردستان دا.

***

## دەهەزار هێکتارلە لێرەوارەکانی کوردستان لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوو دا ئاگریان تێبەر دراوە و سووتاون

ئەو ئاگر کەوتنەوەیەی پارێزگاکانی کوردستان و کرماشانی گرتەوە، کە لە ئاکامدا دار بەڕوو، سنەوبەر و ئەفرا لە ئاوردا دەسوتێن و دەبنە خەڵووز بێ ئەوەی بەڕێوەبەری سەرچاوە سرووشتیەکانی ئەو دوو پارێزگایە هەوڵێك بۆ بن بڕکردنی بدەن. بەڕێوەبەری سەرچاوە سروشتیەکانی پارێزگای کوردستان و لە ووتوێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی(هەمشەهری گوتویەتی) لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ٢١٠ جار لە لێرەوارەکانی کوردستان لە ناوچە سنووریەکان ئاور کەوتۆتەوە. بە وتەی ئەندازیار( تۆفیقی) سووتانی ١٠هەزار هێکتار زەوی و زاری لێرەواری کوردستان کەم وێنە بووە. بە وتەی تۆفیقی لە چەند مانگی ڕابردوودا ٥٠جار لە کوردستان ئاور کەتۆتەوە کە تەنیا ١٦ جاریان هۆکەی لە ئاگر کەوتنەوەکانی باشوری کوردساتنەوە بووە. ئەو ڕووداوانە لە ڕاگەیەنە نێو خۆییەکانی ئێراندا بە سادەیی باس کراوە و هەوڵ دراوە تا هۆکاری دەرەکی بۆ بدۆزنەوە. ئەو ئاگر گرتنە زۆر مەترسیدارە بێدەنگی گوماناوی ڕاگەیەنەکانی ڕژیمی بەدواوە بووە و سەیر لەوەدایە کە ڕاپۆرتە کورتەکەی (هەمشهری) یش وەکو ڕووداوێکی سروشتی باسی کردوە خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کرماشانیش لە سەرەتای ئەو ساڵەوە شایەدی ئاور گرتنی لێرەوارە چڕو پڕەکانی بەروو سپیدار و سنەوبەرو ئەفرا بوون.

***

## سەردەشت ـ ماشینێکی ڕژیم دەکەوێتە بە دەست ڕێژی چەکی چەند کەسی نەناسراو

ڕۆژی دووشەممە ٩ی ڕەزبەر ماشینێکی سەر بە ڕژیم لە نێوان شارەدێی میراوێ و دێ ی ئاڵوەتانی شەردەشت دەکەوێتە بەر دەست ڕێژچەکی چەند چەکدارێکی نەناسراو لە ئاکام دا کەسێك دەکوژێ و ٤کەسیش بە توندی بریندار دەبن.

***

## بەڕێوە چوونی ڕێو ڕەسمی ڕێز گرتن لە ڕۆژی جیهانی منداڵ لە سنە

ڕۆژی جومعە ١٣ی ڕەزبەر، لە سەروبەندی هاتنی ڕۆژی جیهانی منداڵ، ڕێو ڕەسمێك بە یارمەتی چالاکانی پارێزەری مافی منالان لە شاری سنە بەڕێوە چوو. لەو ڕێو ڕەسمەدا کە بە بانگەوازی دامەزراوەی هەوراز، خانەی کودەك و کانونی دونیای شاد بۆ منداڵان بەڕێوە چوو ژمارەیێك کەس و کاری منداڵان و هەڵسووڕاوانی مافی منداڵان و هەروەها نوێنەرانی ئەنجومەنی نێو نەتەوەیی لایەنگرانی منداڵ و منداڵپارێزەکانی شاری سنە، هەڵسووڕاوانی کرێکاری و ژمارەیێك لە کرێکارانی کارخانەی ڕستن و چنینی شاهۆ، و تێیدا بەشدار بوون. لەو ڕێوڕەسمەدا منداڵان وێڕای گاڵتە کردن و شادی دەربڕین سوار قەتاری شادی بوون کە لەو شوێنە بوو، موسیقایان لێدا و شێعریان خوێندەوە

***

## ژمارەیێکی زۆر لە هێزەکانی سوپا لە پادگانەکانی سەقزدا جێگیر بوون

بە پێی هەواڵی ( ایران پرس نیوز) لە ڕۆژی هەیینیەوە ١٣ی ڕەزبەر دوو گوردانی هێزەکانی رژیم لە شارەکانی میاندوواوو بناو پێنج گوردانی دیکە لە هەمەدانەوە لە پادگانی سەقز جێگیر بوون. ئێستا هۆی جێگیرکردنی ئەو ژمارە زۆرە لە هێزەکانی ڕژیم کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا کەم وێنە بووە ڕوون نیەو بە پێی سەرچاوەی هەواڵەکە دەگوترێ هۆی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەو هەموو هێزە، لە مەترسی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران و بە دوای ئەودا پەیدا بوونی ئاڵۆزی لە کوردستان و ئەگەری ڕاپەڕینی خەڵك بە دوای ئەم هێرشەدا بێ.

***

## ٦ کەس لە جادەی مەریوان سنە کوژران

ڕۆژی دووشەممە لە سەر ڕێگای مەریوان سنە، لە نزیك دێی نیاوا ماشینێك لە جۆری مینی بووس وەرگەڕاوە، لە ئاکامدا ٦ کەس لە موسافیرەکانی مردون و ئەوانی دیکەش بریندار بوون کە گیانی ٤کەسیان لە مەترسیدایە. جێگەی باسە کە مینی بووسەکە هیی بێسارانەو نەفەرەکانیش خەڵکی ئەوێن.

***

## ڕێگە گرتنی رژیم لە ناو نووسینی خوێندکاران و دانشجوە بەهاییەکان

سایتی سازمانی موجاهیدین بەبڵاو کردنەوەی هەواڵی ڕێگری کار بە دەستانی رژیم لە خۆناو نووس کردنی خوێندکاران و دانشجوە بهاییەکان، نووسیویە بە پێی ڕاپۆرتە باوەڕ پێ کراوەکان، رژیمی ئاخوندی لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەروەها ئوستانەکانی ئەردەبیل، هەمەدان، تاران، و کرماشان، ڕێگە لە خۆ نووسینی خوێندکاران و دانشجو بەهاییەکان دەگرن. بە پێی ڕاپۆرتەکە ئەو جیاوازی دانانە نە تەنیا زیندووەکانی گرتوتەوە، بەڵکوو ئەگەر بەهاییێك بمرێ، ڕێگە نادرێ لە گۆرستانی گشتی بە خاك بسپێردرێ، لەو ڕاپۆرتەدا هاتوە، لە شاری مەهاباد بەهاییەکان ناچارن، مردوەکانیان ببەنە دێیکی دوور بە ناوی (ئاوەتاڵە) و لەوێ بە خاکیان بسپێرن.